کورد لە پەڕاوێزی راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتن دا

رێکار ئەحمەد

ئەمریکا سەردەستەی ئەو وڵاتە بەرژەوەندخوازانەی جیهانە کەتەواوی سیاسەت و بەرنامەکانیان لەسەر سوودی زیاتر دادەڕێژن، تێکۆشانی خۆیان بۆ هەرچی زۆرتری دەستەبەرکردنی قازانجەکانیان چڕ دەکەنەوە. لەم سۆنگەیەوە، هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق ئەگەرچی رووخاندنی رژێمی سەدامیشی لێکەوتۆتەوە، بەلام ئامانج کۆنترۆلکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین و سەپاندنی سیاسەت و بەرنامەکانی ئەمریکای تەکانەیە.

رووخاندنی رژێمی سەدام بەسوودی بەرژەوەندەکانی گەلی کوردستان هاتەوە، ئەمەش ئاکامی خوێندنەوەیەکی ناتەواوی بەدەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان (د. ب. ک) بەخشی، ئەوان پێوانەی هاوپەیمانی ئەمریکایان بۆ خۆیان کرد و بەقسەی بۆندارو رازاوە شاگەشکەبوون. (د. ب. ک) خۆبەخشانە گەلی کوردستانیان ئاوێتەی هاوکێشەیەکی قورس و گران کردەوە، پشتیان لەخواستەکانی گەل و ئامانجەکانی براڤی رزگاریخوازی کرد و بەرەو مسۆگەرکردنی پشکی دەستەڵات لەعێراق هەنگاویان هەڵیتایەوە، بۆ فراوانکردنی دەستەڵات و بەرژەوەندی حزبایەتی تەسک خۆڕبوونەوە، بەمەش درزی نێوان خۆیان و جەماوەریان پانتر کردەوە، تەواوی راستیەکانی نێو دیدارو کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی لەجەماوەر شاردەوەو کەنالەکانی راگەیاندنی حزبیش بەئارەزووی خۆیانەوە هەواڵ و شرۆڤەو لێکدانەوەیان دەرخواردی جەماوەر دا، ئەمریکای بەرژەوەندخواز لەچاوی ئەوانەوە بەرزگاریخواز و رابەری براڤی دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ وێناکرا. لەکاتێکدا کەخودی ئەمریکا، خۆی بەداگیرکەر ناودەبردو ناسنامەی داگیرکاری بەخۆی دەبەخشی، ئەوان بەرزگارکەری گەلانی ناوچەکەو جیهانیان دەناساند.

(د.ب.ک) لەسەر خۆنزیککردنەوە لەکۆشکی سپی کێبەرکێیان کرد، هەرگیز داوای بۆندەو نووسراوی فەرمیان نەکرد، رەفتاری دیوەخان و بەڵێنی هۆزایەتیان زیندوو کردەوە، ئەوان پێیانوابوو ئیدی هاوکێشەکە کۆتایەوەو ئەمریکا بەخۆشحاڵیەوە دەستەڵاتدارانی باشوور لەتەک خۆیدا دەبینێتەوە، وەک هاوپەیمان و دۆستی راستین پێوانەیان بۆ دەکات، تەنانەت هەندێ لەنووسەرانیان وایان پێشان دەدا کەسیاسەتەکانی کۆشکی سپی لەهاوینەهەوارەکانی کوردستان سەرڕاست دەکرێتەوەو ئۆکەیان پێدەدرێ.

بەگوێرەی وتەی یەکێک لەو ئەمریکایانەی کەراستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ بەرپرسە عێراقیەکاندا هەبووە، (د.ب.ک) هەرگیز تەنیا جارێکیش داواکانی ئەمریکیان رەت نەکردۆتەوە. ئەمریکیەکان بۆ هاوسەنگی نێوان پێکهاتەکانی عێراق ئارەزوویان کردووە کەکوردەکانیش نارەزایی پێشان بدەن و پێداگری لەسەر خواستەکانی خۆیان دا بکەن، کەچی وەڵامێکی لەو شێوەیەیان وەرنەگرتۆتەوە. بەوتەی ئەو شاهیدە، ئەمریکیەکان پێش هەر هەنگاوێک دەیانزانی کەرەزامەندی (د.ب.ک)یان مسۆگەر کردووە.

ئەمریکا کاتێک بەخۆی زانی کەلەنێو زەلکاوی عێراق دا نغرۆ ببوو، بۆ دەربازبوون لەگیژاو و دووپات نەبوونەوەی ڤێتنامێکی دیکە، دەبوایە بەسیناریۆ و پلانی دیکە سەرکەوتنەکانی خۆتی پێشان بدات و بەخشکەیی هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش گروپی تۆژینەوە دەربارەی عێراق لەئەندامانی هەردوو پارتی دەستەڵاتداری ئەمریکا پێکهێنرا، جەمیس بێکەر و لی هاملتن بۆ رابەرایەتی کردنی گروپەکە دەستنیشان کران.

کاتێک گروپی تۆژینەوە دەربارەی عێراق دەستیان بەگەڕان و سەردانەکانیان کرد، دەیانزانی کوردستانیش هەیەو تا ئێستاش بەبەشێکی عێراق پێوانەدەکرێ، ئاگایان لەوەهەبوو کەگەلی کوردستان چاوی لەماف و خواستەکانی خۆی بڕیوە، بەلام لەرەزامەندی (د.ب.ک) دڵنیا بوون، بۆیە نەسەردانی کوردستانیان کردو نەکێشەی کوردستانیشیان بەبایەخەوە وەرگرت. بۆ سەرخستنی بەرنامەکانی ئەمریکا و بۆ رازیکردنی دڵی لایەنەکانی دیکە، دەبوایە لەخاڵی لاوازە دەست پێبکەن، کوردیش بەلای ئەوانەوە خاڵە لاوازەکەبوو. ئەو نیگەرانیەی کەئەمڕۆ لەئاکامی ئاشکرابوونی راپۆرتەکەی بێکەر - هاملتن بالی بەسەر کوردستان دا کێشاوەو کوردستانیانی بەخۆیەوە خەریک کردووە، بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە کە(د.ب.ک) بەدرێژایی ٣ سالی رابردوو درێژەیان پێداوە، خۆیان بەئیرادەی هەموو گەل ناساندووە، وەک نوێنەرایەتی تێکڕای کوردستانیان رەفتاریان کردووەو گوێیان لەرامان و بۆچوونی دیتران نەگرتووە. راپۆرتەکە راشکاوانە دەنووسێ کەکوردستانیان داوای سەربەخۆیی دەکەن و (د.ب.ک)یش دەیانەوێ لەچوارچێوەی عێراق دا بمێنێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کەدەستەڵاتداران بەپێچەوانەی خواستی خەڵکەوە دەڕۆن و سیاسەت دەکەن. ئەمڕۆ کە لەگەڵ بەرهەمی درووێنەکردنی سیاسەتەکانیان رووبەروو بوونەتەوە، بەروەستی نایەن و پەنا بۆ جەماوەری کوردستان دەبەن. لەمەشیانەوە بەترسەوە بۆی دەچن، حەز ناکەن جەماوەر برژێتەسەر شەقامەکان، راپۆرتی بێکەر- هاملتن رەتبکەنەوەو سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی ئەمریکا لەقاو بدەن، بەئیمزا کۆکردنەوەیەک دەیانەوێ پاڵی لێبدەنەوە، دەیانەوێ بەپێوەندییەکی تەلەفۆنی جۆرج بووش جەماوەری تووڕە هێوربکەنەوە، ئەوان دەخوازن وەک جاران پەسنی سەرۆک و هێزەکانی ئەمریکا بکەن و بەشان و باڵی سەرکەوتنەکانیان دا هەڵبڵێن .

ئەمریکا بەو زل هێزیەی خۆیەوە چاو بەسیاسەتەکانی خۆی دا دەخشێتەوە، بۆئەوەی زیانی زۆرتری پێتەگات و شکستێکی ئاوڕووبەر نەبینێ، گروپی تۆژینەوە پێکدەهێنێ و ئەرکێکی گرنگیان پێدەسپێرێ، گوێ لەرامانی دیتران دەگرێ، بەبایەخەوە بۆچوونی رۆژنامەو کەنالەکانی راگەیاندن هەڵدەسەنگێنێ، کەچی (د.ب.ک) وەک ئەوەی نەبای دیبێ نەباران بێباکانە لەراپۆرتی بێکەر- هاملتن دەڕوانێ و بەوەی کەئەگەری کارپێتەکردنی زۆرەو ناخرێتەواری کردارییەوەپشتی لێکردۆتەوە، رێگەنادات هێزەکانی هەڵوێست بنوێنن و سیاسەتەکانی ریسوا بکەن.

ئەمریکا هەم لەعێراق زیانی پێگەیشتووەو ئەگەری پوچەڵ بوونەوەی بەرنامەکانی لەگۆڕێ دایە، هەم لەوەش دەترسێ نەوەک بەناچارییەوە شان نزمی زیاتر بۆ ئێران و سوریا بکات، ئەوەتا دەستپێشخەری دەکات و دەیەوێ سەرنجی سوننەکانی عێراقو وڵاتانی عەرەبی و دراوسێکانی عێراق بۆ لای خۆی رابکێشێ، بەو هۆیەشەوە پێ لەبەرژەوەندەکانی گەلی کوردستان دەخشێتێ و ئاوڕ لەدۆزی کوردستان کەدوای دۆزی فەلەستین، دووەمین دۆزی گرگرتووی رۆژهەڵاتی ناڤین و جیهانە، ناداتەوە. یاری کات کوشتن کایەدەکات و لەخەمی سەرخستنی بەرنامەو بەرژەوەندەکانی خۆیدایە. پێشکەشکردنی راپۆرتی بێکەر- هاملتن و بەرێوەبردنی کۆنفرانسی هێزە سوننەکانی عێراق لە تورکیا و سەردانی تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بۆ ناوچەکەبەئامانجی سەرخستنی سیاسەت و بەرنامەکانی ئەمریکا سەرچاوەیان گرتووە، کەچی دیسانیشەوە (د.ب.ک) بەخەمساردییەوە سەیری ئەو هەوڵانە دەکات و چاو لەپێوەندی تەلەفۆنی دەبڕێ و بەپارێزەوە لێیان دەڕوانێ. ئەگەر کوردستانیان ریزەکانی خۆیان پتەوو بکەن، ئەگەر دەستەڵات و هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان راشکاوانە دژی پەراوێزکردن بوەستنەوە، ئاکامی باشتر وەدەست دێ و دۆزی کوردستانیش بەرچاوتر دەبێتەوەو پێوانەی زۆرتری بۆ دەکرێ.

سوننەکان بەشەرکردنیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا، کۆشکی سپیان ناچار کرد کەپێوانەیان بۆ بکات و ئاوریان لێبداتەوەو هەوڵی مسۆگەرکردنی بەرژەوەندەکانیان بدات، ئێستا کەراپۆرتی بێکەر- هاملتن لەرۆژهەڵاتە، دەبێ کوردستانیان گوشارەکانی خۆیان چڕ بکەنەوەو کۆشکی سپی ناچار بکەن کەگوێ لەداخوازیەکانی گەلی کوردستان بگرێ و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بدات.

ئەگەر راسپاردەکانی بێکەر- هاملتن کاریان پێتەکرا، دەبێ (د.ب.ک) بەپشتیوانی جەماوەر پەلە لەئاسایی کردنەوەی پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی دیکەدا بکات و راپرسی بەڕێوەبچێ. ئەگەر راسپاردەکانیش کاریان پێکرا، دەبێ (د.ب.ک) ئەو بوێرییەی تێدا هەبێ کەسەربەخۆیی کوردستان رابگەیەنێ.

ئەگەر (د.ب.ک) لەسەر پەراوێزکردنی جەماوەر بەردەوام بێ، ئەگەر وەکو جاران گوێ لەرامان و بۆچوونی دیتران نەگیرێ، کوردستانیان بەردەوام دەستیان لەسەر دڵیان دەبێ، لەدوا وێستگەدا بۆ ئەوەی چیتر گوێ بۆ هەواڵی ناخۆش هەڵنەخەن و پێشوازی لەکارەسات نەکەن، رێگەچارەیەکی دیکە دەگرنەبەر، هەم راپۆرتەکەی بێکەر- هاملتن ناکام دەمێنێتەوە، هەم (د.ب.ک)یش باجی سیاسەتەکەیان دەدەن.

١٥-١٢-٢٠٠٦

(د.ب.ک) کورتکراوەی دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستانە.

ئەمریکا دەتوانێت ستراتیژی خۆی لە عێراقدا بگۆڕێت؟!

هۆشیار عەبدوالرەحمان

لە دوای ئاشکرابوونی راپۆرتەکەی (بێکەر- هاملتۆن)ەوە لەلایەن کۆشکی سپی و ئیدارەکەی (بووش) سەرۆکی ئەمریکاوە، دەربارەی ئەو راسپاردانەی کە راستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستانەوە هەیە، لە پرۆژەکەدا ٧٩ راسپاردەی لەخۆ گرتووە سێ راسپاردەی باس لەمەسەلە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان و ئایندەی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، لە دوای داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لە ئابی ١٩٩٠ لەسەر دەستی سوپای عێراق و حکومەتی بەعس، ناوچەکە تووشی گۆڕانکاری بنەڕەتی هات لە هاوکێشە سیاسییەکانیدا.

بۆیە بەپەلە حکومەتی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەخۆیان کەوتن و بە کۆمەڵە بڕیارێکی جەماعیانە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری لەدژی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێتی دەرکرد. لە دوای شەش مانگ بڕیاری هێرشی سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانەکان دژی سوپای عێراق دەستی پێکردو لە ئەنجامدا سوپاکەی سەدام حوسێن بە شکستی کوێتیان بەجێهێشت و لە ناوەخۆی عێراقیش راپەڕین لە باشووری کوردستان دژی بەعس دەستی پێکرد. هەر ئەوکاتەش دارێژەری ئەم راپۆرتە کە جێمس بێکەرە ئەوکات وەزیری دەرەوەی ئەمریکابوو، کە یەکێکە لە کەسایەتییە سیاسی و دیبلۆماسییە پراگماتیزەکانی ئەمریکا کە دژی راپەڕینی خەڵکی عێراق و کوردستان، بۆیە ئەوکات پێیوابوو عێراق دابەش دەبێت و دەوڵەتی ئێران و تورکیا دێنە ژوورەوەی عێراق و شەڕی ناوەخۆ دەست پێدەکات، بۆیە ئەوکاتیش پێشنیاری کردبوو کە سەدام حوسێن لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی بمێنێتەوە، لەدوای ١٥ ساڵ و بەسەرۆکایەتی تیمێکی ١٠ کەسی بە هاوبەشی کۆماری و دیموکراتەکانی ئەمریکا دێتەوە عێراق و پاش چەندین سەردانی مەیدانی جگە لەکوردستان و دیدارو گفتوگۆکردن لەگەڵ ٧٩ کەسایەتی سیاسی کە سێ کەسیان (کوردن) و پاش هەشت مانگ راپۆرتەکەی لەگەڵ (لی هاملتۆن) ئامادە دەکات و پێشکەش بە ئیدارەکەی ئەمریکاو کۆنگرێسی دەکات، لەم گوتارەدا ناکرێت راپۆرتێکی (١٦٠) لاپەڕەیی تاوتوێ بکرێ، بۆیە دەمەوێت ئاماژە بە سێ راسپاردەکەی کە تایبەتە بە خەڵکی کوردستانەوە لەسەری راوەستم، یەکەم راسپاردە باس لەوە دەکات دەستکاری دەستووری هەمیشەیی عێراق بکرێت کە ئەمەش راستەوخۆ لە بەرژەوەندی سوننەو بەعسییەکانە، دووەم: راسپاردە داوا دەکات کە سەروەت و سامانی داهاتی نەوتی عێراق بە یەکجاری بخرێتەوە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی و وەکو بەعسیەکان چۆن داهاتی نەوتی کەرکوکیان دەدایەوە بە چەک و دژی گەلی کورد. هەروەها سێیەم پێشنیار داوا دەکات کە مادەی (١٤٠) تایبەت بە کەرکوک و ئەو ریفراندۆمەی کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٧)دا بەڕێوە دەچێت، دوابخرێت بۆ کاتێکی نادیار، گەلی کوردو بزاڤە رزگاریخوازەکەی کە هەڵوێستی جدی وەردەگرێت لەبەرانبەر ئەم راپۆرتەدا کە هیچ یەکسانییەکی تێدا نییە لە جێگەی خۆیدایە، چونکە لەهەشتا ساڵی رابردوو لە باشووری کوردستان جگە لە دزینی داهاتی نەوتی شاری کەرکوکی کوردستان و وێرانکردنی گوندەکان و جێنۆساید کردنی خەڵکەکەی و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە هیچ شتێکی مرۆڤانەی نەبینیوە، بۆیە ئێستا جارێکی تر (بێکەر – هاملتۆن) دێتەوەو دەیەوێت بەم پێشنیارانە هەموو خەونەکانی گەلی کورد زیندەبەچاڵ بکات، کە بە هەموو خەبات و تێکۆشانی رابردووی توانی بۆ یەکەم جار لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا سیستەمی فیدراڵی بچەسپێنێت و لە بوودجەی عێراق لە ١٧% بۆ خەڵکی کوردستان و مادەی (١٤٠) بۆ گێڕانەوەی شاری کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێت.

راستە ئەم راپۆرتە هەوڵێکە بۆ رزگارکردنی سەربازەکانی ئەمریکاو ئەو رەوشە سیاسییە ناهەمواریەی کە لەعێراقدا گوزەر دەکات، بەڵام بارودۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابوری عێراق رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپی دەروات و خەریکە هەموو لایەک بێ ئومێد بن لەچارەسەرو هەوڵ و تەقەلاکانی ئەمریکاش لەروانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت. راستە ئەم راپۆرتە جارێ بە قسەی هەندێک لە چاودێران هەر پێشنیارەو بەڵام هەر پێشنیارەو دەبێتە پرۆژەو دواجار دەبێتە کارنامەو لەسەر ئەرزی واقیع ئیشی پێدەکرێت، کەواتە دەبێ گەلی کوردو سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان نەهێڵن ئەم راپۆرتە ئیشی پێ بکرێت، ئەگەر ئیشی پێکرا رێ لەوە بگێرێت لە کوردستان ئەو راسپاردانەی دژی خەڵکی کوردستانە بچەسپێت، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە لاوازی دیبلۆماسیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد بکەین لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کە گەورەترین دەرفەت بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان و مادەی (١٤٠) هاتبووە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە فرسەتەکان لەدەست چوون و جارێکی تریش هەروا بەئاسانی ناگەڕێتەوە، باشتر وابوو سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو هەموو کاتەی لە بەغداد بەفیڕۆدا، بەشێکیشی بۆ دیبلۆماسیەتی وڵاتە زلهێزەکانی وەکو (روسیا و فەرەنسا و چینێش) بەئەنجام بدایە، چونکە گەلی کورد ئەمە چەندین جارە دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان و دەبێت نەهێڵین جارێکی تر لۆزان و رێکەوتنی جەزائیر دووبارە ببێتەوە. بۆ دەبێ ئێمەی کورد هەر لەدوای ڕووداوەکانەوە بین و گلەیی و رەخنە لە ڕووداوەکانی رابردوو بگرین، بۆیە خۆشبەختانە ئەم جارە بەهۆی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلۆژیاوە هیچ شتێک بەنهێنی نامێنێتەوەو گەلی کوردیش بەرامبەر راپۆرتەکەی بێکەر هاتە وەڵام و بەهەموو شێوەیەک ئیدانەی کردوو بەڵێنی داوە شان بۆ هیچ داخوازییەکی دەوڵەتانی داگیرکەر دانەنوێنێ و تا بەدستهێنانی ماف و داخوازییەکانی کۆڵ لە خەبات و تێکۆشان نادات. بۆیە لە کۆتایی دا جارێکی تر پێویستە ئەمریکا پێداچوونەوەیەک بە سیاسەت و تاکتیکەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا بکات و هەڵوێستی جدی لەبەرامبەر دەستێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی لە عێراقدا وەربگرێت و چارەسەرێکی راستیانەو بەپەلەش بۆ بارودۆخی شڵەژاوی ئاسایش و سیاسی و ئابووری بدۆزێتەوەو نایێت لایەک بکاتە قوربانی لایەکی تر کە ئەمەش چارەسەری رەوشەکە ناکات بەڵکو خراپتر دبێت و کار لەکاریش دەترازێت و شەڕی ناوەخۆ هەڕەشەی جدی لە عێراق دەکات.

"هاوکاسەیی دەگەڵ شەیتان"

هەوڵی نزیک بوونەوەی ئەمریکا دەگەڵ سوریەو ئیران بۆ رەهایی لە باتلاغی ئیراقدا

ئامادەکردنی : ئە. قازی

,, هاوکاسەیی دەگەڵ شەیتان ،، بۆچونێکی رزاوە، کە هێندێک لە خاوەن بۆچونەکانی نیونەتەوەیی لەم دواییانەدا لە مەڕ هەل ومەجالەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە پاش هەڵبژاردنەکانی میانرەورەیی وڵاتەکەی ئەمریکا لێی دەدوین. لە دوای سەرکەوتنی دیموکراتەکان وهەروەها راسپاردەیی دەستەی لێکۆڵینەوە وپێداچونەوە بەسەرۆکایەتی جێمز بەیکر، ئەم تەگبیرە هاتە ئاراوە کە ئەمریکا لە رێگای وتوێژی راستەوخۆوە دەگەڵ ئیران وسوریە، بۆ دەربازبوون لە قەیرانی ئیراق، رێی دەرچوونێک بدوزێتەوە، بەڵام بەر لە هەر هەنگاوێک لەم رووەوە، هۆکاری رێگر لە سەریان هەڵنراوە.

ئیران وسوریە، زیاتر لە هەر وڵات و دەستە ودیاردەیەک، دەست بەکاری پشێوی ونائارامین لە ئیراقداو ئامانجیشیان ئەوەیە کە لە پیش هەرشتێکدا ئەمریکا توشی شکست بکەن لەناوچەکەدا وبەشێوەیەکی خەفەتبار لە ئیراقیان وە دەینین.

جورج بووش ئیستاکە دەگەڵ ئەم پرسیارە رووبەرووە کە ئایا بەم چەشنە کە هەوادارانی، وتوێژ دەڵێن بە پەسەند کردنی راکیشانی هاوکاری ئیران وسوریە ، دەرچونێکی ئابرومەندان لە باتلاغی ئیراق مسۆگەر دەبێ یان بە پیچەوانە بەرهەمی هەوڵێکی ئەوتۆ بە وتەی قبوڵی شکست ودەرکەوتنێکی شەرمەزارانەیە لە ئیراق وئەسپاردنی مەیدان دەبێ بە کۆماری ئیسلامی و بانگچیەکانی حکومەتی,, ئەڵڵا ،، لە ناوچەکەدا .

مەحموود ئەحمەدی نیژاد ماوەیەک پیش ئیستا لە رێ ورەسمی ،، گەورەیی سەقامگیری ٨٥،، دا گوتی : بە یاری خوا دەسەڵاتی شەیتانی ئەمریکا رووی لە سەراوژێری و نەمانە، رێژیمی سایونیستی هەر بەم چەشنە لە سەرانژێری مردن دایە،،.

ناوبراو گووتی ،، کاتی ئەمە هاتوە کە سەرۆکەکانی ئەمریکا وئینکلیس گوێ بدەنێ ،، هەروەک بە زمانێکی توانجاوی رووی قسەی لەسەرەک کۆماری ئەمریکا کرد و گوتی،، خەڵکی ئیران ئامادەن یاریدەت بدەن تا لەم هەڵەت دەربازکەن بە مەرجێک ئاکارتان چاک کەن، لەم حاڵەتەدا ئیران رێگای رزگاربوونتان پێ دەنوینێ، ئاموژگاریت دەکەم دەست لە خریو کاری هەڵگری،،.

نەخشی سوریە،

لەم نێوەدا نەخشی سوریە نابێ لەبیربکرێ، چونکە رێژیمی ئیران بە هاوکاری نیزیکی سوریەیە کە دەتوانی لە ئیراق و لوبناندا، دەسەڵات بنوێنی، لە ئەگەری دوورکەوتنەی سوریە ئیران، کوماری ئیسلامی بەکردەوە دەکەوێتە پەراوێزەوە.

لەبەر هۆیە کە ماوەیەک لەمەوبەرەوە ئینکلیس یەکان ئاموژگاری ئەمریکا دەکەن کە دەگەڵ سوریە بیتەرەن یە.

رۆژنامەی ئینکلیسی،، گاردین ،، دەنووسی:

،، زیاد بوونی نائارامیەکان لە ئیراقدا و لە ئەمریکا لەبرینەوەی قەیرانی ئەم وڵاتە. جێگای بە کاربەدەستانی کوشکی سپی، لێژکردووە بە شێوازێک کە پشتیوانانی دۆینیکەی بووش، بەرەخنەگرتنی سەرەکی وێ لە روژگاری ئیستادا، هەڵگراونەتەوە لەلای دیکەرا داوای یاریدەی ئەمریکا لە ئیران وسوریە بەمەبەستی بڕینەوەی قەیرانی ئیراق لە شکستی بەرنامەکانی ئەمریکا لە ئیراقدا دەدوێ ،،

رۆژنامەی گاردین لە درێژەی لێکدانەوەیدا دەڵێ ،، ئیران وسوریە بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ئیراقدا لەدژایەتی دایە دەگەڵ بەرژەوەندەکانی ئیران وسوریە. ئیران خوازیاری پیکهێنانی دەوڵەتێکی شیعە لە ئیراقدا دژە چونکە پێکهاتەیەکی ئەوتۆ ئەمریکا لە روژهەڵاتی ناوەراستدا تووشی گیروگرفتی تازە دەکات.

لەم دواییانەدا حکوومەتی ئیراق لە هەوڵی پیکهێنانی کۆبوونەوەیەک دابوو کە هەموو دەستەکانی سەرکیشی ئیراق تییدا بەشداربن بەلکوو لەم رێگەیەوە دەرگایەک لە وەزعی ئیستا بکاتەوە، بەڵام پیشهاتەکانی ئەم دواییانەی شاری،، سەدر ،، نائارامییەکانی هێناوەتە پلەیەکی نوێ وە ،،

گاردین لەسەر سوریەش دەنووسێ: ،، لەلای دیکەوە سوریەش خوازیاری ئەمەیە کە هێزەکانی فرەنەتەوە لە ئیراق دەرکەون و حکومەتێکی ئیسلامی لە وێدا پێک بێ بەڵام تیروری ،، رەفیق حەریری ،، و وەزیر پیشەسازی لوبنان و وەپاسدانی ئەم تیرورانە لەلایەن هێندێک لە دەستە سیاسیەکان بە سوریەوە، هەلومەرجی ئەم وڵاتەی وە زەحمەت خستوە، بۆ سوریە وا باشە کە هەوڵبدا لە فکری دررەوی تازەتردابێ بۆ گەمەی سیاسی لە ئیراقدا.

کونفەرانس نەبەسترا :

مەحموود ئەحمەدی نیژاد، لە سەرەک کومارەکانی ئیراق وسوریەی گیرابووە کە بۆ کونفەراسێکی سێ لایەنە، بچنە تاران.

وەعد وابوو ئەم کۆنفراسە رۆژی شەممە ٢٥ ی مانگی ١١ ببەسترێ. خەبەری ئەم کونفرانسە بە گوروگەرمیەوە، لەتاراندا بڵاوبووە وجیگری پێوەندو راگەیەندنەکانی سەرەک کۆماری ئیرانیش ئەم خەبەرەی بەراست زانی، بەڵام لە پیشدا،، کامەران قەرەداغی،، وتەویژی سەرەک کۆماری ئیراق، بەشداری سوریەی وەدرۆخستەوە پاشتریش وتەبێژێکی دەفتەری سەرەک کۆماری سوریە رای گەیاند کە ئاگایان لە باسی کونفەراسیکی ئەوتۆ نیە، سەرئەنجام سەرەک کۆماری ئیراقیش بەبیانووی داخرانی فرگەی بەغدا، بۆ کۆنفرانس نەچوە تاران و دانیشتنێک پێک نەهات ،، لەم بارەوە دەگوترێ ،، بەشار ئەسەد بۆ دانیشتنێکی ئەوتۆ، دەگەڵ نەبوو چونکە نەیدەویست بەبێ ئەوەی هیچی پێ بگات، تووشی بەرعودەبوونی بدات ناوبراو لە ئەمریکای دەوێ بەڵێن بدات کە چارەنووسێکی وەک هی،، سەدام حوسین ،، بۆ ئەم لەگوریدا نیە، هەروەک گوشارێک بکەویتە سەر ئیسرائیل کە بەرزاییەکانی ،، جۆلان ،، بداتەوە بە سوریە ،،

ئاژانسی خەبەری ،، ئاسۆشەیتدپریس،، لە لێکدانەوەیکدا دەنووسێ : ،، سوریە لە هەل ومەجالێک دایە کە نایەوێ ئەمریکا بڕەنجێنی، بەشار ئەسەد نییەتی وایە کە لە ئەمریکا،، قاف وەربگرێ،،

بەدەست تیوەردانەوە لە روژنامە لاوەییەکان وەرگیراوە.